گوتاری مردن لە کۆمەڵەچیرۆکی(بازنەی مەرگ)ی (ئەسعەد عەزیز) دا

م.ی. سامان محەمەد عەلی
مديريه تربيه كركوك

تاريخ استلام البحث : ٢٦ / ١٠ / ٢٠١٥ تاريخ نشر البحث :٢٥ / ١ / ٢٠١٦

پێشــــەکـی

بابەتی مردن لە ئەدەبی کوردیدا بەشێکی بەرفراوانی بۆ خۆی داگیرکردوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە کورد بەدرێژایی مێژوو، لەژێر زوڵم و زۆری چەوسانەوەو کیمیاباران و ئەنفالدا ژیاوەو هەموو ئەمانەش کاریگەریان لەسەر بەرفراوانی ئەم چەمکە لە دەقدا هەیە.

مردن لای(ئەسعەد عەزیز)* بووەتە رەگەزێکی گرنگی پێکهاتەی چیرۆکەکانییەتی و دەیەوێت لەرێگەی مانا جیاوازەکانی مردنەوە، واقیعیەتی حاڵ و ئەو پەیام و مەسجانەی کە دەیەوێت بیگەیەنێت بیخاتەروو، بەو پێیەی پرسی مردن، پرسی بوون و ژیانەو لەرێگەی مردنەوە پێگەی ژیان وەك ئەوەی کە دەبێت ببێت بیخاتەروو. پەنابردن وەبەر کوشتن غیابی چارەسەری گونجاوە بۆ هەموو ئەو کێشەو ململانێیانەی کە لەنێو چینەکانی نێو کۆمەڵگا دێنە ئاراوەو لەرێگەی گفتو گۆو لێکتێگەیشتنی هاوبەشەوە , دەتوانین قەڵاچۆی کوشتن بکەین , بە پێچەوانەوە تەنازول نەکردن بۆ یەکتر لەپێناو ژیاندا هۆکاری سەرەکی ئەم حالەتانەیەو چەندین جۆری مردنی لێ کەوتۆتەوە . ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتوە لە دوو بەش: بەشی یەکەم بریتییە لە باسکردنی چەمك و پێناسەی گوتارو مردن.

لەبەشی دووەم تایبەتکراوە بە جۆرەکانی مردن لە کۆمەڵەچیرۆکی (بازنەی مەرگ) دا و، لەم پێناوەشدا جۆرەکانی (مردن) بەنموونەوە دیاریکراون.

---

* نووسەر لەکەرکوك گەڕەکی شۆرجە ساڵی ١٩٦٧ لەدایکبووە ، لەزۆر لە ناوەندەکلنی خوێندندا مامۆستا بووە ، لەساڵی ٢٠١٢ ەوە سەرپەرشتیاری پەروەردەییە. لە ١٩٩١ ەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی هەرێم نووسین و چیرۆکی بڵاوکردوەتەوە ، کۆمەڵە چیرۆکەکانی(پیاوێك لە پەراوێزدا ،بازنەی مەرگ ، کتێبی سپی) بەچاپگەیاندوە .

بەشی: یەکەم: چەمك و پێناسەی گوتار

ئەگەرچی گوتار زیاتر لە کێڵگە زمانییەکاندا باوەو ڕۆڵێکی زیاتری پێبەخشراوە، بەڵام وەك مانا دەتوانرێت لە تەواوی کایە ئەدەبی و سیاسی و....تاد ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

وشەی گوتار لە وشەی(Discourse) ی ئینگلیزی و (Discours) ی فەرەنسی و(Diskurs) ئەڵمانییەوە هاتووە[١] هەموو ئەمانە لە زاراوەی(Dircusus) یۆنانییەکەوە وەرگیراون.[٢]

گوتار" هەندێك جار هاوواتای قسەیە،بەڵام بەواتای ئەنجامدانی کارەکەی و تەواوی زمان، واتە زمان لەبواری کاردا"[٣]بەوپێیەی گوتار " پێکهاتەیەکە لە یەکەی زمانی و کۆمەڵێك رستەی بەدوایەکدا هاتوو پێکیەوە دەبەستێت"[٤] واتەپەیام و کەتیگۆریا[٥] کەواتە گوتار لە حاڵەتی کرداریدا، لەهەموو ئاراستەکانەوە زمانە .

گوتار لای بنڤنیست" هەموو ئەو دەربڕاوانەیە کە دەدرێن بەسەر قسەکەرو گوێگردا، واتە دەربڕاوەکان لەکەسی یەکەمەوە بەمەستی کاریگەربوونی کەسی دووەم بەشێوەیەك لە شێوەکان دەردەبڕرێن، یاخود بەپێچەوانەوە"[٦]

لەکۆی ئەم پێناسەو ڕوانینانەی لەسەر گوتار خراونەتەروو، گوتار بریتییە لەوەی کە زمان لە گوتاردا لەخۆوە بەکارناهێنرێت، بەڵکو دەرئەنجامی بیرو ژیری و چالاکی لەم لایەنەی کەسەکەدا لە کۆنتێکستێکی دیاریکراودا سەرچاوەدەگرێت .

یەکەمین زمانەوان کە کاری لەسەر ئەم زنجیرە ڕستەییە کردبێت وەك گوتار، زانای زمانەوانی ئەمریکی(سابوتی زلیق هاریس)ە[٧]

چەمك و پێناسەی مردن

لەڕاستیدا ئەگەر پرسی مەرگ نەبێت، پرسی لەدایکبوون و ژیانیش نابێت،واتە ئەوە مەرگە ماناو جوانییەکان دەبەخشێتە ژیان و بوون، چونکە مردن بایەخی ژیان بەرزدەکاتەوە، کەواتە مردن"بەرهەمی شتێکەو دەرئەنجامیش دەگاتە کۆتایی"[٨] هەرچی عەبدولڕەحمان بەدەویشە پێیوایە مردن" حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی ژیان"[٩]، یاخود مردن ڕووداوێکە لە ڕووداوەکان و جۆڵەی ژیان دەوەستێنێت و لەشوێنی خۆیدا ڕایدەگرێت، بۆیە ژیان و مردن دووڕووی ڕاستییەکی ئەم بوونەن و یەکتری تەواودەکەن، بەو مانایەی مردن ژیان خۆشەویست دەکات و ژیانیش مردن وەك دەرفەت دەناسێت، بۆیە مردن " حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی ژیان"[١٠] یاخود مردن" دەربڕاوێکی ترسناك و هەواڵێکی دڵتەزێن و تارماییە، چونکە کۆتایی و چارەنوسی هەموو بوونێکەو ئەمەش وادەکات، هەموان بەترسەوە چاوەڕێی بکەن، چونکە چارەنوسەکان نادیارن.

لەراستیدا مردن" دوا رێگەی حەقیقەتی مرۆییە لەسەر زەوی، چونکە قوڵترین بنچینەیە لە بوونی ئەم ڕاستییەدا"[١١] بۆیە زۆرجار ئەدەب باشترین هۆکارو رێگە بووە کە مرۆڤ هانای بۆ بردووە بەدرێژایی مێژوو، بەمەبەستی خویندنەوەو دەردەدڵی مرۆڤ لەبەرامبەر مردندا، چونکە کاتێک نووسەر وشەی مرد یان هاوواتاکانی بەکاردەهێنێت، بەتەواوی هەستەکانییەوە لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێت و لێیەوە مەترسییەکان دەخوێنێتەوە، زۆر جار بەهۆی ئەم ترسانەشەوە، وشە هاوواتان بەکاردەهێنیت.

لەڕاستیدا هەر لەکۆنەوە تاوەکو ئێستاش مردن یەکێکە لەو دۆزە سەرەکییانەی کە بەشێکی زۆری بیرکردنەوەو روانین و ژیانی مرۆڤی داگیر کردوە، بەو پێیەی دوا چارەنووسی مرۆڤە، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو مرۆڤێک هەوڵدەدات بەزیندویەتی بمێنێتەوە، ئەگەرچی چەندێک بچینە تەمەنەوە، خواست لەسەر مانەوە لەژیان بەردەوامە.

لەکۆی گشتی ئەم روانینانەوە دەگەینە ئەوەی ،کە مردن وەستانی تەواوی بووەکانی ژیانە لە تەواوی چالاکی و جوڵەو ئەرک و.....تاد.

بەشی دووەم:

جۆرەکانی مردن لە کۆمەڵەچیرۆکی(بازنەی مەرگ)ی(ئەسعەد عەزیز)دا

ئەگەرچی مردن لە کۆچیرۆکی(بازنەی مەرگ)دا تایبەتمەندێکی خۆی هەیە، بەوپێیەی کە چیرۆک نوس یان کارئەکتەر لە مردن، یان هاتنی مردن ناترسێت، بەڵکو سوودی لەمردن وەرگرتوە بۆ دەلالەتی جیاوازتر، بۆیە مردن زیاتر لایەنی پۆزەتیڤی وەرگرتووە

هەوڵی ئیستاتیکی نووسەر دەڕژێتە نێو ئەو هەوڵانەی کە پێشتریش دراون بۆ نمایش کردنی هەڵوێستەکان بەرامبەر بە واقیع ((ئیستاتیکا زانستێکی فەلسەفییە ، لە سەرەتا گشتییەکانی هەڵوێستی ئیستاتیکای ئادەمیزاد بەرامبەر بە واقیع دەکوڵێتەوە ، هەر وەکو فەلسەفە زانستێکی ئایدۆلۆژییە ، هەوڵدەدات چارەسەری گیروگرفتی پەیوەندی هۆشمەندیی ئیستاتیکی و هونەرەکان بەبوونی کۆمەڵایەتی واتا ژیانی مرۆڤایەتییەوە بکات)) [١٢] ، ئەمەش ئاوێتە بوونی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیایە بۆ گەڕان و سوود گەیاندن بە مرۆڤ، کە لەلایەن نووسەرانەوە هەوڵی بۆدەدرێ . هێندە هەیە مردن وەکو بابەتێکی بەشێوازێکی ئەو تۆ لای نوسەر بەکارهێناوە کە توانیویەتی لە قەوارەیەکی ئیستاتیکیدا بیخاتە ڕوو ، چیرۆکیش وەکو ژانەرێکی ئەدەبی لە ڕێگەی بابەتەکانیەوە بوونی خۆی سەلماندووە چونکە ((چەمکی ژانەری ئەدەبی وەکو زۆربەی چەمک و زاراوەکانی دیکەی بواری ئەدەبیاتناسی بە مەبەست و دەربڕینی جیاواز پێناسە و شرۆڤەکراوە لە تیۆری نوێی ئەدەبدا چەمکی ژانەری ئەدەبی زیاتر گرێدەدرێتە قەوارە

ئیستاتیکییەکەوەیە)) [١٣] ، هر بۆیە نوسەر هەوڵی داوە زۆربەی لایەنەکانی ئیستاتیکا لە بابەتی مردن لە نێو کۆمەڵە چیرۆکەکەیدا کۆبکاتەوە و دەست پەنگینی خۆی پیشان بدات . وێنەی هونەری لە نێو چیرۆکەکانی چیرۆکنوسدا ،لە چوار چێوەی شێوازێکی جواندا داڕێژراوە و بارگاوییە بە واقیع بینی نوسەر بۆ دەوروبەر بۆ خۆیشی وێنەی هونەری ((پەگەزی دووەمی شێوازەو، سیمایەکی هونەری بە ئەزموون و کاردانەوەکانی واقیع بەسەر نوسەرەوە و بەپێچەوانەشەوە دەبەخشن ، بواری داهێنانی تیادا بەرجەستە دەبێت)) [١٤] ،هەر بۆیە گوتارەکەی لە واقیعەوە هەڵقوڵاوە .

١- مردنی ئاسایی : ئەکرێ دیاردەی دووبارەکرنەوە یان لێکچوونی بەشەکانی وێنە لە نێو چیرۆکی بازنەی مەرگدا بەدی دەکرێ ((ئەگەر چی دیاردەی دووبارەکردنەوەو بەکارهێنانی پێوەر و لێکچوونی بەردەوام بریتیە لە نهێنی پەسەنایەتی پێکهاتەکانی پۆمانی نوێ ، چونکە ئەمانە دەبنە هۆی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە زنجیرەی زەمەنی و زنجیرەی هۆو هۆکار ، بە دوایەکدا هاتووەکان یەکتریان پێ لێك نادرێتەوە لە پووی لۆجیکەوە بەڵکو بەهێزترینیان دەکەن و و دووبارەیان دەکەنەوە)) [١٥] ، ئەمەش بە پوونی لەم چیرۆکە بەدیار دەکەوێت .

ئەسعەد عەزیز لە کۆمەڵە چیرۆکی (بازنەی مەرگ) دا کە لە ساڵی ٢٠٠٩ بە چاپی گەیاندووە ، پێشتریش لە پۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردونەتەوە ، پۆڵی مەرگی لە پونکردنەوەی زیاتری دۆخی پاستەقینەی پووداوەکانی چیرۆکەکان دەخاتە پوو ، لە هەندێك چیرۆکدا بە جیاکەرەوەی یان یەکلاکەرەوەی پووداوەکانی دادەنێت بگرە ئەرکی مەرگ هێندە بەرز دەبێتەوە کە وەکو کارەکتەرێك مامەڵەی لەگەڵ دەکات و کایگەری ئەم فاکتەرە بەسەر دەروونی کارەکتەرەکانەوە وادەکات کۆتایی بە چیرۆکەکان دەهێنێت و مرۆڤەکان بێ دەسەلاتیان بۆ دەمێنێتەوە لە ئاستیدا .

لە لایەکی ترەوە مەرگ هەر لە سەرەتای چیرۆکەکانەوە تا کۆتایی دێوەزمەیەکە و باڵی بەسەر هەموو چیرۆکەکاندا کێشاوە لەسەرەتادا سەروەر دەهێنێت و لە ناوەڕاستدا پووداوەکان بە لوتکە دەگەیەنێت و کۆتاییەکەش هەر مەرگ چارەسەر دەبێت تەنانەت چیرۆکەکان دەبن بە دووکەرتەوە لە کەرتی یەکەمدا گیانەکان هێدی هێدی لە جەستەکان جیادەبنەوە بە پێی گەشەی پووداوەکان ، لە کەرتی دووەمیشدا بە دەرچوونی تەواوی گیانەکان لە جەستەدا تۆکمە دەکرێت .

بازنەی مەرگ چەند نموونەیەکن لە پووداو گەلێك کە لەم دەیانەی دواییدا هەرچەندە هەنوکەشی لەگەڵدا بێت ، گیرو گرفتی کۆمەڵایەتی باوی سەردەمی کوشتنی دوو عاشق و کوشتنی ژن بەهۆی داب و نەریتەوە و مردنی دەروونی بەهۆی تەڵاقدانەوە و کوشتنی مرۆڤەکان بەهۆی ئینتیمای نەتەوەیی و بیروباوەڕەوە و مردن بەهۆی هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی بیرو

باوەڕ و نەریتی کۆنەوە ، هەموو ئەمانە کۆی گشتی پەیامەکانی مەرگ و مردنن کە گوتاری مردن لەلای نوسەر پێکدێنن .

لە چیرۆکی بازنەی مەرگ دا کە ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکەکەش هەر بەم ناوەوەیە ، ڕووداوەکانی مردن و لەناوچوونی گوڵێك و کوڕێك و ماڕیك لە خۆ دەگرێت ، سەرەتا بە هەڵوەرینی گوڵێك دەست پێ دەکات کە هۆکار دەبێت بۆ مردنی کوڕێك ، ئینجا ماڕیك دواتر دەبوو باخەوانێك و میرێکی بە دوادا بێت ، هەموو ئەمانەش بازنەیەك لە مردن و لەناووچونی دروستکردووە .

میر کەسی سەرەکی یە و ڕاهاتووە هەموو ڕۆژێك باخەوانەکە گوڵی بۆ بهێنێت کەچی ((ڕۆژێکیان باخەوانەکە گوڵی بۆ نەهێنا ، ئەم ڕەفتارەی بەلاوە سەیر بوو هەر لەبەر ئەوە بانگی باخەوانی کردو پێ ی گووت : ئەمڕۆ دیاریت نەبوو ؟ باخەوانەکە بە نیگەرانیەوە ووتی : گەورەم .... بولبوولێك لەناو باخچەکە پەیدا بوو ، هەموو گوڵەکانی هەڵوەراندووە .

لێرەوە ئیتر سەرەتای بازنەکە دەست پێ دەکات ، مردن بە هەڵوەرینی گوڵەکان ڕێچکە دەگرێت و هۆکار دەبێت بۆ مردنی تر ((باخەوانەکە بە ئاسودەییەکەوە ووتی : -- بەڵێ ، کوڕەکەم بە دارلاستیك بولبولەکەی کوشت)) [١٦]

پلیکانەکانیش سەرکەوتن بەرەو مەرگی مرۆڤەکانیش دروست دەبێت و گەشەی ڕووداوەکان دەگاتە قۆناغێکی تر . دوای کوشتنی بولبولەکە مردنی ئاسایی کوڕی باخەوان بەدوای خۆیدا دێنێت کە کاریگەری گەورە بەسەر باخەوانەکەدا دەهێنێت دوای لەناوچوونی بوولبول میر بە باخەوانەکە ڕادەگەیەنێت : ((-- کوڕەکەشت بە مەرامی خۆی دەگات))[١٧]

پاش ماوەیەك ، میر هەواڵی پرسی پێیانگووت : ((کوڕەکەی مار پێیەوە داوە و مردووە)) [١٨]

چیرۆکنوس گوزاشت لە کاریگەری گەورەی لە دەستدانی کوڕی باخەوانەکە بەسەر باخەوانەکەوە دەخاتە ڕوو ((میر لەبیرکردنەوەی ئەوەدابوو کە بازنەی زەمەن ئەو تەلبەندەیە چوار دەوری مرۆڤی داوە ، مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت لەو تەلبەندە خۆی کوتار بکات ، چونکە ئەگەر توانی لەو بازنەیە دەربچێتە دەرەوە نەمری بەدەست دەهێنێت ، ئەمە ئەو پەیامەیە کە چیرۆکنووس دەیەوێت ڕایبگەیەنێت . زەمەن گرنتی لەناوچون و مردنی تاك و کۆمەڵی مرۆڤەکان دەدات لە بازنەیەکی داخراودا ، گومانیشی تێدا نییە هەتا مرۆڤەکان هەبن زەمەنیش دەبێت ئەگەرچی سەرسامیش لە خۆبگرێ ، بەم شێوەیەش مرگ بەردەوامی دەبێت و نەمری مەحاڵ دەبێت ، ئەمەش بەشێکی گرنگی لە گوتاری مردن لەلای چیرۆکنووس دروست کردووە .

لەم چیرۆکەدا مارەکەش لەناو دەدرێ ، میر بۆ تەواوکردنی بازنەکە بە بیانووی هەڵبەستراوی پاراستنی ئابڕوەوە ، فەرمانی کوشتنی باخەوان دەردەکات ((-- هەر ئێستا بیبەن بیکوژن))[١٩] کەچی ئەم فەرمانە جێبەجێ نابێت ، کاتێك کە باخەوانەکە بەرستەیەك میر پەشیمان دەکاتەوە و بەمیر دەڵێت ((-- من دەمرم ، بەڵام تۆش بە ئەنجامی کارەکەت دەگەیت)) [٢٠]

بەمەش بازنەکە ئاراستەیەکی تر وەردەگرێت تەواو ناکرێت ، هەربۆیە دەتوانین بڵێین دەکرێ بۆچوونەکان و تێگەیشتنەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و ئاراستەی رووداوەکان بە ئاکارێکی تردا دوور لە مەرگ بگرن ، چونکە دەبوو بە مردنی باخەوانەکە ، مردنی میریشی بە دوادا دەهات بەپێی تیۆری بیرکردنەوەی میر بێت .

چیرۆکنووس لە چیرۆکی (تەرمێکی فڕێدراو) دا ، تارمایی ترس و خەم و ئازار و پەشۆکانی خەڵکی گەڕەک دەکات بە هەواڵی سەرەکی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکەی پێی داڕشتووە . تەرمێك کە ئاسەواری ئازاردان و شێواندن بە جەستەی مردووەکەوەیە کە دۆزراوەتەوە ((تەرمی ژنە و کچ نییە ، ئاسەواری ئەڵقەی پەنجەی بازنەیەکی سپی بە دەوری پەنجەیدایە جێ هێشتبوو ، هەروەها ئاسەواری بازنی مەچەکی بەوەش دەچوو لە پاش کوشتنی بەزۆر لە دەستی دەرهێنرابێت چونکە قوڵی بریندار کردبوو ....)) [٢١] . ئەمە مردنێکی ئاسایی کەسێکە کە ناناسرێتەوە و بابەتی ڕۆژە و بەشێك لە گوتاری مردن لە نێو بەشەکانی تردا لای چیرۆکنوس پێکدێنێت ، هەربۆیە چیرۆکنوس لە زاری مام عومەری بە سالاّچووەوە ئەم ڕاستیە دەگەیەنێت ((-- مردن بەهای نەماوە لەسەر هەر شتێك گوزارشت ، ئەوەی لەو تەرمە کراوە ، ئەوە بێ ڕێزییە لە بەرامبەر هەموو مرۆڤە))[٢٢] ، ئەمەش بەدەر لە نەریت و ژیانی کۆمەڵگای جارانە ((بەڵاّم لەو ساوە تارمایی مەرگ لەکۆڵاّنەکەی ئێمەوە بەهەموو شاردا تەشەنەی کرد)) [٢٣] . لە چیرۆکی (جەژنانە) شدا ، مردنی ئاسایی بەڵاّم زۆر کاریگەری بەلای کارەکتەرەکانەوە نمایش کراوە ، مامە دەرویێشێك کە جێگەی (بابا نۆئێل) ی بۆ ئاوایی گرتبووە ، لە جەژنەکاندا ((نوقڵ و گەزۆ و باسوق و مێوژ و گوێزی پێمان دەبەخشی)) [٢٤]، کەچی مردنی ئاسایی مام دەرویێش لەکاتی گەڕانەوەی لە شارەوە بۆ گوند و پەلاماردنی لەلایەن گەلە گورگێکەوە و بریندارببوون و پاشان مردنی ((ئەوانەی تەرمەکەیان هێنایەوە دەیانگێڕایەوە کە دەنکە نوقڵی نەعناو گەزۆی ئارداوی لە نێو مشتیدا بوو کە بەخوێنی خۆی ڕەنگی سوور بوو بوو))[٢٥]، ئەم بانگەشەی بەردەوام بۆ پێویست بوونی کەسێکی لەم جۆرە ((لەگەڵ خۆمدا دووام و وتم ئەگەر مام دەرویێش لێرە بوایە هەموو منداڵانی دڵخۆش دەکرد)) [٢٦] . بوونی پاڵەوانی لەم جۆرە یادەوەری نوێ دەکاتەوە ژلە زەین و بیری مرۆڤەکاندا بەڵاّم مردنی ئاسای مام دەرویێش ئاراستەی بیرکردنەوەکان و نەریتەکان دەگۆڕێت ، بێ هیواییە کی دێرینی پێوە دیارە ، کە نووسەر ویستوویەتی مردنی مام دەرویێش بکات بە بەردەبازێك بۆ خستنە ڕووی بەشێکی تر لە گوتاری مردن ، کە دەکرێ بوونی کارەکتەر و پاڵەوانی لەم جۆرە جێگەی باوك و دایکە شەهیدەکان یان هەر باوك و دایکێکی تر بۆ منداڵانی هەتیوو بگرنەوە و دڵیان بە شرینی و دیاری و قسەی خۆش خۆش بکەن .

٢- مردنی لەسەرخۆی جیابونەوەی گیان لە جەستە :-

لە چیرۆکی (مەراسیمی کوشتنی بێگەرد) دا چیرۆکنوس وێنەی جیابوونەوەی گیان لە جەستە بەچەند هەنگاوێك دەکێشێت ، سزای کوشتنی بێگەرد ، کە لە چاوەڕوانییەکی زۆردا بوو بۆ ئەو سزایەی بەسەریدا بسەپێنرێ بەلأم دواکەوتنی جێبەجێکردنی سزاکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ، بێگەردی لە پەل و پۆ خستووە تا ساتی دەرچوونی گیانی لە جەستەوە ، هەموو کەسێك سەردانی مالّی بێگەرد دەکات ((بۆ ئەوەی دیمەنی ئەو کچە ببینێت لەلایەن کەسوکارییەوە سزای کوشتنی بەسەردا دراوە کە لە چاوەڕوانی ئەو سزایە وایە ، یان بۆ ئەوەی پشتیوانی خۆی بۆ کاری کوشتنەکە ڕابگەیەنێت))[٢٧] . لە ڕێوڕەسمی مردنی بێگەرددا ، ڕامانی برا بچووکی بێگەرد دەکات بە پالّەوان و لە هەولّی قەدەغەکردن و ڕێگری کردندا دەبێت ئەم کارە ئەنجام نەدرێ ، ترس و دلّەڕاوکێ ی ئەو لە کۆبوونەوەی خەلّك بۆ بینینی سزای مردن بەسەر بێگەرددا ، پالّ پێوە دەنێت بیانووی تر بۆ کۆبوونەوەی خەلّك دروستیبکات هەر بۆیە بە بێگەردی خوشکی دەلّێت : ((-- دادە باوکم قوربانی دەکات ؟))[٢٨] چاوەڕوانی مردن بۆ خۆی مردنی لەسەرخۆیە و ، پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دوو عاشق (بێگەرد و شاد) و دابڕانیان لەیەکتر و پلانی جێهێشتنی ولأت بەرەو سنوور ، هەموو ئەمانە پرۆسەی مردنیان بەسەر بێگەرد سەپاندووە لە ترسی مەرگ بۆ ساتێك لە پەل و پۆی خست ، بەلأم هەر زوو لە ناخەوە هاواریکرد :-

-- با بمکوژن ، خۆمن هیچ شتێکم نەکردووە شیاوی ئەم سزایە بم ، تۆلّەی شەرەف کەلە نێو کۆمەلّگادا باوە ، بۆ ئەم مەبەستە کەسێکی قێزەون و نێو چاوان گرژ ، دزوڕێگر و دلّڕەق بۆئەم مەبەستە ئامادە دەکەن ((ئەو خەلّکە دەورەیان لێدا هەرهەموویان خوازیاری ئەوەبوون ئەو مەراسیمی کوشتنە بەزووترین کات بەڕێوەبچێت و جەستەی بێگەرد بە مەرگ بسپێرن))[٢٩] ، مافی بێگەرد هێندە تر گیانی لە جەستەی دادەمالّێت و بە هەڕەشەوە دەلّێت : ((-- ئەگەر لە دەستتان ڕابکات بەلّێن بێت بەلّێن بێت هەردووکتان لە جیاتی ئەو بکوژم))[٣٠] .

ڕامانی برا بچووکی بێگەرد ، لە پەنجەرەی ژوورە داخراوەکەی بێگەرد نزیك دەبێتەوە بێگەردیش دوای ئەوەی جەستەی لە گیانی هێدی هێدی بێزار دەبێت و چیتر هیوای بە ژیان نامێنێت و بەرەو کۆتای دەچێت ، بە نیگایەکی خەماوییەوە بە ڕامانی برا بچوکی دەلّێت : ((دەتەوێت باوکم بزنەکەت سەر نەبڕێت؟

بێ ڕەزامەندیەوە ڕامان وتی : بەلّێ

بێگەرد دووبارە دەستی بە قسەکردن کردەوە

-- بڕۆ چەقۆ ڕەشەکەم بۆ بێنە ، من ئەو چەقۆیە لە باوکم دەشارمەوە ، ئیتر باوکم ناتوانێت بزنەکەت سەربڕێت))[٣١] .

شاد و بێگەرد لە کۆلێژی ئاداب ، دابڕانیان وای کرد بێ هیوابن لە ژیان ، ئەمەش وای کردووە کە بێگەرد خۆی دوای ترسێکی زۆر کۆتایی بە پڕۆسەی مردنەکە بهێنێت و ساتەکانی دەرچوون یان جیابوونەوەی گیان لە جەستەی خۆی تۆمار بکات ((بەیانی زوو بوو ، مامی و باوکی و کۆمەڵێ پیاو بە ژووردا کەوتن ، دیمەنێکی سامناك بوو کە بینیان ، جەستەیەکی خامۆش لە ناوەڕاستی ژوورەکە لەسەر پشت ڕاکشاوە ، چەقۆ ڕەشەکە وەکو سێو دڵی دوو لەتکردبوو))[٣٢] ، ئەمەش پەشیمانی و تێڕامان و بیرکردنەوەی لایان دروستکرد و (هەندێکیان لە ناخەوە نەفرەتیان لە خۆیان دەکر) . کە بینیان ((ئەو لەتەی کرمۆڵە بوو بە قینو توڕەیی و ئیرەیی لە زەویدا فڕێدرابوو لەتەکەی تر عەشقی شاد و خۆشەویستی مرۆڤی تێدا ڕوابوو ، دەمی چەقۆکەی لێگیر کردبوو خوێنیش لە دەمی چەقۆکەوە فیچقەی کردبوو ، لەسەر دیوارە سپیەکەی ژوورەکە بە خوێن وشەی (بێگەرد) ی نوسیبوو))[٣٣] . [١٦] یەکێك لەو هۆکارانەی کە دەبنە هاندەر بۆ ئەم جۆرە مردنە خراپی بارودۆخی کۆمەڵایەتییە بوونی (دۆخی کۆمەڵایەتی خراپ ڕۆڵی هەیە لە دەرکەوتنی جۆرەکانی تری قەڵاچۆکردنی جەستەیی وەکو کوشتن و لەناودان کە جەستە بە تەواوی لەناو دەچێت ، هەروەها ئازاردان کە قەڵاچۆکردنی نیو جەستەیی بەدی دەکرێ)[٣٤] ، ئەمەش وای کرووە کە وێنەی لەم جۆرە دووبارە ببنەوە بەهۆی بارودۆخی باوەوە.

٣-مردنی دەروونی :-

چیرۆکنوس لە چیرۆکی (مەراسیمی کوشتنی بێگەرد) دا ، شڵەژان و ڕووخانی دەرونی دایکێك وێنا دەکات وێنەی هەموو ژنێکی نێو کۆمەڵگایە کاتێك کە دووچاری تەڵاقدان دەبنەوە ، ئەو تەڵاقدانەی کە ژنان لو ناخەوە دەڕوخێنێت و پەیوەندیان بە ژیانەوە هێندە نامێنێتەوە ، تەنانەت تووشی جۆرە هیستریایەك دەبن ، لە خۆڕا کار و ڕەفتاری سەیر و سەمەرە ئەنجام دەدەن بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت . تەڵاقدان ئەو مەرگەیە کە کە لەسەر کاغەز یان بە دەمی دەوترێت و دەنووسرێت و مەرگی ژنی بە تایبەت لێ دەکەوێتەوە مەرگێکی دەروونی کە هەمیشە مرۆڤەکان لێی دەترسن و بە سزای مەرگی دادەنێن تەنانەت کاردەکاتە ئەوەی لەبەر خۆیانەوە بڵێن مردن لە کوبێ بێت دەیکڕن ، ئەم کارەمان بەرامبەر نەکرایە یان ئەکرێ . دایکێك کە هەندێك جار ڕەفتاری نەشیاو و بڕیاری هەڵەی پیاوان یان باوکان ، ڕووبەڕوی تاوان و تۆمەتی ناڕەوایان دەکاتەوە ، دەبنە قوربانی تەڵاقدان ، تەڵاقدانیش بەم قورساییە دەبێتە هوچی قوزتنەوە لەلایەن پیاوانەوە و پەنای بۆ دەبەن بە دابەزاندنی قورسترین سزا بەلای پیاوانەوە بەسەر ژناندا ، ئەویش تەڵاقدانە ((سزای ئەویش لە حاڵەتی لەم شێوەیە تەڵاقدانە ، لەوەتەی شووی بەو پیاوە کردووە لەو سزایە دەترسێت))[٣٥] .

ئەمەش جۆرێکی تره له مردن که ئەویش مردنی دەروونییه وه ئەگەر چی گیان له جەسته دەرناچێت ، بەڵام لای مرۆڤەکه بێ سوودە و دەرچوونی باشتره بەلایەوه ، ئەمەش خورپەیەکی هەمیشەییه له ناخ و دەروونی هەموو ژناندا دەخولێتەوه و((-- ژن بمرێ بەس تەڵاق نەدرێ)) [٣٦] ، ئەمه وادەکات هەمیشه له ترس و دڵەڕاوکێ دابن ((ئەو ڕۆژه چەند جارێك سازانی کژه بچکۆڵەی داوه بەر چەپۆك و کردییه گریان بەبێ هیچ هۆیەك)) [٣٧] ، ئەمەش وادەکات گوێی له هەموو تۆمەت و تاوانێك کەڕ بکات و گفتوگۆی هێمنانه و دروست وەلا بنێت هەر بۆیه ((ئەگەر گوێی له هەر ئامازەیەکی تاوانبار کردنی خۆی بوایه خۆی لێکەڕ دەکرد ، له ناخەوه بە خۆی دێوت ئەمه خراپترین ساته تێیکەوتم ، دەبێت قسه له هەموو کەسێك قبوڵ بکەم)) [٣٨] . جیابوونەوه یان تەڵاقدان جۆرێکی تری مردنه که ئەویش مردنی دەروونییه له پاڵ چەندین مردنی لەم جۆرەدا .

ئەنجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیه دەگەینه ئەوەی که:

ئەنجامه گشتییەکان:

١-گوتار کارەکرداریەکەی زمان بەرجەستە دەکات، چونکه پێکهاتەیەکه له یەکەی زمانی.

٢-مردن بەشێکه لەبوون و سروشت و هەموو بووەکان کۆتاییان دێت.

٣-مردن ژیان جوانتر دەکات و هەر لەرێگەی مردنەوەیه، مرۆڤ بەدوای قۆستنەوەی کاتەوەیه.

٤-مردن وەك مۆتەکه بەردەوام له زهنی مرۆڤدا ئامادەیی هەیه.

ئەنجامه تایبەتییەکان

١- چیرۆکنووس بەشێوەیەکی ورد مردنی بەمانا جیاوازەکان بەکارهێناوەو دەلالەتی پێبەخشیوه.

٢- غیابی گفتوگۆو بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز هۆکاری ڕوودانی کوشتن له چیرۆکەکاندا.

٣- گەڕانەوەو خستنه ڕووی دابونەریتی کۆن و پابەند بوون پێیانەوه لەنێو چیرۆکەکاندا .

٤- گۆڕان لەتێگەیشتن و تێڕوانینی نوێی خەڵك بۆ پرەنسیپەکانی ڕەوشت و ژیان .

٥- باوبوونی کوشتن و فراوان بوونی به هۆو بێ هۆی لۆجیکی .

٦- ڕەنگدانەوەی سێ جۆری سەرەکی له مردن , لەوانه مردنی ئاسایی و مردنی لەسەرخۆی جیابوونەوەی جەستەو گیان و مردنی دەروونی .

٧- مردن له زۆر له چیرۆکەکاندا خاڵی یەکلاکەرەوەیه و کۆتایی بەچیرۆکەکان هێناوه .

بەشی یەکەم

-چەمك و پێناسەی گوتار

- چەمك و پێناسەی مردن

بەشی دووەم

- جۆرەکانی مردن لە کۆمەڵچیرۆکی(بازنەی مەرگ)ی (ئەسعەد عەزیز)دا :

١- مردنی ئاسایی.

٢- مردنی لەسەرخۆی جیابوونەوەی گیان لە جەستە .

٣- مردنی دەروونی.

- ئەنجام

- سەرچاوەکان

سەرچاوەکان:

١/ عەرەبییەکان

١- ابراهیم صحراوی، تحلیل الخگاب الادبی، دار الافاق الجزائر،گ١٩٩٩،١

٢- احمد عبدالخاق، قلق الموت، عالمالمعرفه، کویت،١٩٨٧

٣- جابر عصفور، افاق العصر،دار الهدی للپقافه و النشر، سوریا، دمشق،گ١٩٩٧،١

٤- جیرار جینیت، خگاب الحکایه، ت: محمد معتصم و اخرین، منشورات الاختلاف، گ٢٠٠٣،٣

٥- دومینید مانقونو، المصگلحات المفاتیح لتحلیل الخگاب،ت:محمد یحیاتن،منشورات الاختلاف، الجزائر،٢٠٠٥

٦- د. ماجد هاتو هاشم , الروایه العربیه ما بعد الحداپیه , بغداد , گ١ ٢٠١٣

٧- نهاد التکرلی , الروایه الفرنسیه الجدیده ج١ , دار الحریه للگباعه ,بغداد گ١ ١٩٨٥

٨- سعید یقگین، تحلیل الخگاب الروائی، المرکز الپقافی العربی، بیروت، الدرار البیڤاو،گ٣ ١٩٩٧،

٩- عبدالرحمن بدوی، الموت العبقریه، النهڤه المصریه، گ١٩٦٢،٢

١٠-فواد رفقه، الموت و الشعر، دار النهار للنشر، بیروت، ١٩٧٣

١١-محمد الباری، انشائیه الخگاب فی الروایه العربیه الحدیپه، مرکز النشر الجامعی، تونس،٢٠٠٤

ب/ كورديیەكان

١- ئەسعەد عەزیز محمد , كۆمەڵە چیرۆكی بازنەی مەرگ , چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی , كەركوك چ١ ,٢٠٠٩

٢- د.ئازاد عەبدولواحید كەریم , تیۆری ئەدەب, كەركوك , ٢٠٠٧ .

٣- سامان محمد عەلی , نوێكردنەوە لە چیرۆكی هونەری كوردی كوردستانی باشور ١٩٩١ - ٢٠٠٣, دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی كوردی , بەغداد چ١ , ٢٠١٢

٤- د. فوئاد ڕەشید , ناسنامەی دەق , یەكێتی نووسەرانی كورد لقی كەركوك , چ١, ٢٠٠٥

پەراوێـــــــــزەكان:

١-جابر عصفور، افاق العصر،دار الهدی للپقافه و النشر، سوریا، دمشق،گ١٩٩٧،١،ص٤٧

٢- هەمان سەرچاوە ل٤٨

٣- سعید یقگین، تحلیل الخگاب الروائی، المركز الپقافی العربی، بیروت، الدار البیڤاء،گ٣ ،١٩٩٧،ص٢١

٤- دومینید مانقونو، المصگلحات المفاتیح لتحلیل الخگاب،ت:محمد یحیاتن،منشورات الاختلاف، الجزائر،٢٠٠٥،ص٣٥

٥- ابراهیم صحراوی، تحلیل الخگاب الادبی، دار الافاق الجزائر،گ١٩٩٩،١،ص١٠

٦- جیرار جینیت، خگاب الحكایه، ت: محمد معتصم و اخرین، منشورات الاختلاف،گ٣، ٢٠٠٣،ص٣٨

٧ - محمد الباری، انشائیه الخگاب فی الروایه العربیه الحدیپه، مركز النشر الجامعی، تونس،٢٠٠٤،ص٥٨

٨- احمد عبدالخاق، قلق الموت، عالمالمعرفه، كویت،١٩٨٧،ص١٧

٩- عبدالرحمن بدوی، موت العبقریه، النهچه المصریه، گ٢،١٩٦٢،ص٥

١٠ - هەمان سەرچاوە، ل١٨

١١ - فواد رفقه، الموت و الشعر، دار النهار للنشر، بیروت، ١٩٧٣،ص٢٥

١٢- د.ئازادعەبدواواحبد كەریم، تیۆری ئەدەب ،كەركوك ، ٢٠٠٧، ل٥٥.

١٣- د. فوئاد ڕەشید،ناسنامەی دەق ، یەكێتی نووسەرانی كورد ، كەركوك ، ٢٠٠٥، ل٢٥ .

١٤-سامان محەمەد عەلی، نوێكردنەوە لە چیرۆكی هونەریی كوردیی كوردستانی باشوور١٩٩١-٢٠٠٣،بەغدا٢٠١٢ل٢١٣

١٥-نهاد التكرلی ، الروایه الفرنسیهالجدیده ، الجزوالاول، دارالحریهللگباعه ، الگبعهالاولی ،١٩٨٥. ص١٤٨.

١٦/١٧/١٨/- ئەسعەد عەزیزمحەمەد ،كۆمەڵە چیرۆكی بازنەی مەرگ ، كەركوك ، چاپخانەی شەهید ئازادەورامی ٢٠٠٩، چاپی یەكەم ، ل٢٣ .

١٩/٢٠- هەمان سەرچاوە ، ل٢٥

١- ئەسعەد عەزیزمحەمەد ،كۆمەڵە چیرۆكی بازنەی مەرگ، كەركوك، چاپخانەی شەهید ئازادەورامی ٢٠٠٩، چاپی یەكەم،ل١٩.

٢٢- هەمان سەرچاوە ، ل٢٠ .

٢٣- هەمان سەرچاوە ، ل٢١.

٢٤- هەمان سەرچاوە ، ل٣٢ .

٢٥- هەمان سەرچاوە ، ل٣٢ .

٢٦- هەمان سەرچاوە ، ل٣٣ .

٢٧- ئەسعەد عەزیزمحەمەد ،کۆمەڵە چیرۆکی بازنەی مەرگ، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازادەوەرامی ٢٠٠٩، چاپی یەکەم،ل٧٩

٢٨- هەمان سەرچاوە ،ل٨٠.

٢٩- هەمان سەرچاوە ، ل٨٦ .

٣٠- هەمان سەرچاوە ،ل ٨٧.

٣١-ئەسعەد عەزیزمحەمەد ،کۆمەڵە چیرۆکی بازنەی مەرگ، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازادەوەرامی ٢٠٠٩، چاپی یەکەم،ل٩١

٣٢/٣٣- هەمان سەرچاوە ،ل٩٣.

٣٤-د.ماجده هاتو هاشم ، الروايه العربيه مابعدالحداثيه، بغداد٢٠١٣، الكبعه الاولى، ص٣١٥.

٣٥- ئەسعەد عەزیزمحەمەد ،کۆمەڵە چیرۆکی بازنەی مەرگ، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازادەوەرامی ٢٠٠٩، چاپی یەکەم،ل٨٢

/٣٦/٣٧/٣٨- هەمان سەرچاوە ، ل٨٣ .

ملخص البحث

يعتبر الموت موضوعاً رئيسياً من المواضيع المقتبسة من واقع الحياة الأجتماعية بظروفها القاسية منذتسعينيات من القرن الماضي حتى يومنا الحاضر و المستخدمة في القصة الفنية القصصية (دائرة الموت) .

جماليات القصص (الأستاتيكا) المشحونات بسرد انواع الموت ، مكن القاص أسعد عزيز ببراعة أسلوبه في تركيب و اصدار خطاب حول الموت بأنواعه ، منعكساً فيه واقع المشكلات الأجتماعية اليومية كما يؤول اليه الأحداث القصصية في تجسيد الموت و المحو الجسدي الكامل و الجزئي بين أفراد المجتمع .

فللموت بنظر القاص وفهمه الكلمة الفصل في كثير من الأحداث المتوالية في القصص من البداية مروراً بتطور الأحداث حتى النهاية ، مما يعكس قلة الحلول والحوار والتفاهم المشترك وبروز الحاجة الى الموت في النهاية كحل بل تعدى الأحداث و الأمور الى االنتشار هذا الحل في الأونة الأخيرة بشكل كبير .

كذلك ينقسم الموت عند القاص الى انواع عدة كالموت الأعتمادي والموت البطيء يتجرد الجسد من الروح وموت نفسي حين يتجردالانسان من واقعه ويتحول الى حالة اغترابية....، مما شكل كل هذا صورة واقعية كاملة حول الموضوع أنف الذكر .